# نمەی بارانی ئەشق

ڕێناس جاف
renascaf@yahoo.com

من بە نمەی بارانی ئەشقەکەی تۆیە
مەنزەڵ بە مەنزەڵ
هەوار بە هەوار
بەرەو ترۆپکی خۆشەویستییەکەت
هەر دەم ڕێ دەبڕم.
ڕۆژگاری ژینم
گەر سۆزی دڵەی تۆی تیا نەمێنێ
کوانێ پێم دەکرێ بە چوار وەرزەی ساڵ
هەر ساتە و مەنزەڵ لە لایەک بخەم!
هەر ڕۆژە و وەکوو هۆزی کۆچەرییان
ڕوو لە ئاران و زۆزانێ بکەم!!
ژینم ئەشقەکەی تۆی لێ ئەودەر کە
تۆزقاڵێ گرشەی هیچ تیا شک نابەی .
نیشان بە نیشان
بەم گۆی زەوییەدا سۆراخم گرتی
کەچی هەر تەنیا بۆ تاقە جارێ
نەمدی سێبەری تاقە نیگایەک
نەختێ لە نسێی نیگای تۆ بچێ
بۆیە ئەمێستا بە ئاسماناندا
هەڵوەدای دوای تۆم
هەر بەو ئومێدەی لە پەنا هەورێ
تەنیا بۆ جارێ
نمە بارانێ لە سۆزی ئەشقت
بەم جارە ویشکەی دڵما دابارێ.

تاران

19 ی ڕێبەندانی 2706 ی کوردی